


# حکومەتی هەرێم نازی کۆمپانیا بیانیەکان هەڵدەگرێت

## ( 300 ) کۆمپانیای تورکی لە کوردستاندا کاردەکەن بە نرخی دووقات و سلفەی پێش وەخت تەندەریان بۆ دەردەچێت

راپۆرتی لوقمان شێروانی - هەولێر

● دوابەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، عێراقییەکان لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان لەدوای کاولکارییەکانی رژێم و بازرگانە بیانییەکانیش وەك هەلێکی نوێ بۆ بازرگانیکردنی دەروازەکانی عێراقییان لێکرایەوە، هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێکی ئەو پرۆسەیە ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا و بازرگان و سەرمایەکانی خۆیان لە کوردستاندا خستەگەڕ..

لێشاوی فراوانی کۆمپانیاکان و بێ پلانی لە ئاست پێشوازی کۆمپانیا بیانییەکان بۆتە جێی سەرنج و بێبەرنامەیی و مەترسی لەسەر بازاڕ و وەبەرهێنانی ناوخۆیی دروستکردووە.

ئەنیس صادقی پسپۆڕی رەوشی بازرگانی و بەڕێوەبەری سوپەرمارکێتی نیوسیتی بێ سەروبەری بازاڕ و بازرگانی هەرێمی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە " کوردستان سنورەکانی کراونەتەوە و سەیتەرەی نەوعی نییە، چاودێری بازرگانی نیە، نازانێ چی دێ و چی دەفرۆشرێ" بە وتەی ئەنیس ئەم بارودۆخە مەترسی دروستدەکات لەسەر خاوەن موڵکەکان و گرەنتییەکیان بۆ پاراستن و موڵك و بەرهەمەکانیان نییە.

ئەو دەڵێ گەورەترین گرفتی کوردستان لەوەدایە " ژێرخانی ئابووری نییە و لە قۆناغی سەرەتادایە".

مەسعود تاهیر جێگری سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرایەتی پێیوایە بازاڕ کۆمپانیا بیانییەکان کۆنترۆڵییان کردووە و ئەو دەڵێ " 300 کۆمپانیای تورکی هاتوونەتە کوردستان".

مەسعود ئاماژە بەوەدەکات کۆمپانیا بیانییەکان لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری تەواویان لێدەکرێ، تەنانەت زیاتر لە کوردییەکان بایەخیان پێدراوە، کۆمپانیا تورکییەکان زۆرجار پارەی پێشوەختیان پێدەدرێ و بە دوو قاتیش پارە دەسەنن، جێگری یەکێتی بەڵێندەرایەتی

وتی " کۆمپانیا کوردییەکان 50٪ ی کەمتر لەو نرخەی تورکیەکان پرۆژە ئەنجامدەدەن بەڵام نایاندەنێ".

مەسعود تاهیر ئەوەی روونکردەوە بێ پلانی و بێئاگایی لایەنی پەیوەندیدار بە پرۆژەکانەوە گرفتێکی بەردەوام لەبەردەم کارکردنی بێ چاودێری کۆمپانیا تورکیەکاندا ئەو دەڵێ " پرۆژەی جاددەی 60 مەتری هەولێر بە 53 ملیۆن دۆلار ئەنجامدراوە، بەڵام پارێزگاری هەولێر ئاگای لە پرۆژەکە نەبوو، وە خەڵك لە تەلەفزیۆنەکاندا بینیویەتی کە دراوەتە کۆمپانیایەکی تورکی و وەزیری شارەوانی داویەتیە کۆمپانیای (تاسیاپی)..

لە بەدواداچوونی ئەم کێشەیەدا و کۆنترۆڵی وەبەرهێنان بۆ کوردستان و کراوەیی بازاڕ و بازرگانی کوردستان بە رووی پاوانکاری کۆمپانیا بیانییەکان، وەزیری بازرگانی محەمەد رەوف دەڵێ " هیچ یاسایەکمان بۆ لێپێچینەوە لەگەڵ کۆمپانیاکان نییە، هیچیان لەگەڵ ناکرێ" بۆ چارەسەری کێشەکە و پلانی داهاتووی وەزارەتەکەیان بۆ گرفتەکە وەزیری بازرگانی دەڵێ " یاسای پاوانکاری و پاراستنی مافی بەکاربەر ئەم دوو یاسایە ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیراندا لە گەڵاڵەکردندان.

لەبارەی کێشەی هاتنی بە لێشاوی کۆمپانیا تورکیەکان و مەترسی لەسەر وەبەرهێنی ناوخۆ و مۆڵەتپێدانیان ئەنیس صادق پێیوایە پێویستە حکومەتی هەرێم بانکەکان ئیجباربکات بۆ پارەدان بە کۆمپانیاکان و حکومەت زەوی و شوێنی گونجاویان بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی بازاڕ نەقۆزرێتەوە لەلایەن کۆمپانیایەکەوە و سەرمایەدارێك، وەك ئەوەی لە ئیمارات حکومەت دەیکات.

رەخنەکان لە سیاسەتی بازرگانی حکومەتی هەرێم تەنها لەوەدانییە کە هاوکاری بیانییەکان دەکات بێنە کوردستان، بگرە بە پێچەوانەوە هیچ ئاسانکاری و هاوکاری کۆمپانیا خۆماڵییەکان.

مەسعود تاهیر لەوبارەوە سوورە لەسەرئەوەی حکومەت دەبێت کۆمپانیا کوردییەکان تاقیبکاتەوە ئەو پێیوایە کوردییەکان باشتر کاردەکەن و کەمتریش دەیکەن بۆ ئەوەی حکومەت ئەم راستییەی بۆ دەرکەوێ، چەند پرۆژەیەك بداتە کۆمپانیا پلەیەکەکانی کوردستان، گەر لە بیانییەکان باشتر نەبوون، ئیتر پرۆژەی تریان نەدەنێ.

رەخنەیەکی توند و کاریگەر لە کۆمپانیا کوردییەکانیش دەگیرێت کە کەمتوانان لە ئاستی پرۆژەکاندا و ئەزموونی رابردوویان ئەو راستییە دەسەلمێنێ، هەندێك پێیانوایە کۆمپانیا کوردییەکان پشکی بەرپرسەکانیان تیایە ئەمەش وایکردووە دابەشکاری پرۆژەکان بەپێی باشی و مونافەسەی کۆمپانیاکان نادرێ، بەڵکو واستیە و مەسەلەی پشکی بەرپرسەکان دێتە ئاراوە.

لەبارەی ئەم گرفتەوە ئەحمەد رێکانی سەرۆکی یەکێتی بەڵێندرایەتی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد " لە هەموو شوێنێك بەرپرسەکان بەشدارییان لە کۆمپانیاکان هەیە، بەڵام کارێکی باش نییە، دەبێت سیاسی کاری سیاسی بکات و بازرگان بازرگانی".


محەمەد رەئوف وەزیری بازرگانی


ئەنیس صادق بەڕێوبەری سوپەرمارکێتی نیوسیتی


مەسعود تاهیر
سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان